بەختە با بەس بێ دەی تەماشاکە
سەریٚ بەرزۆکە سەیری دنیاکە
عالەم بە دەماخ مەسرور وشادن
لە بازیچەی خەم دەوران ئازادن
کەرتیٚ بە ئیشیٚ جاریٚ بە کاریٚ
دەستت نەگرتم بەردت لیٚ باریٚ
کام ئیامم کوشت کام شیٚخم سووتان
کام مالٚی خودام بە ناهەق رووخان
کام قەباحەتم لە دەس قەوماوە
بۆچی ناوچاوم لای تۆ نەماوە
کام هاو مالٚی من وەك من بیٚ هۆشە
کام برادەرم وەك من نەخوشە
بەختە بیرکەرۆ بۆ زەمانی زوو
غەیر خزمەتکاری من سووچم چی بوو

**جوابی بەخت!—**

قانع بە ناهەق گلەم لیٚ ئەکەیت
ئەمە زیاتر ئابرووی خۆت ئەبەیت
من لای یەکیٚکم کە خوێندەواربیٚ
هەر وەکو خەلٚکی ژیرو هوشیاربیٚ
نەفعی خسوسی بە هیچ نەزانیٚ
حامی زەعیف بیٚ هەتا ئەتوانیٚ
رەحمەت پیٚ ئەکەم کە نایەمە لات
تۆ کەی شایانی بۆ موچەو بەرات
تۆ کە جاهلی لە ئیش تیٚ ناگەی
من نەیم خۆت تووش چەند زەرەر ئەکەی
هەتا کەمتر بیٚم بۆ تۆ زۆر چاکە
قانع جیٚگەی من ژووری ئەفلاکە

—١٥—

**سوپاسی مژدەی ژین.**

رۆژنامەکەی ژین چرای کوردستان
تۆ نوخشەی وتار بە کوردی زوانٚ
تۆ سەرچۆپی کیٚش هەلٚپەرکیٚی کوردی
گۆرانی بیٚژی ئیلهام ئاوردی
تۆ لە ئەوەلٚجار هیممەتت نواند

لە بەفری نووسین تۆ رەچەت شکاند
تۆ سەر دەلیلەی قەتاری هۆزی
لە چاو بەدوور بی لاویٚکیٚ قۆزی
گەلاوێژ — خوشکی منالٚی تۆیە
خوشکی شۆیٚن کەوتەی نەو سالٚی تۆیە
لە لاپەرەی سیٚ لە سیٚزدەی کانوون
مژدەی لیٚت دابوو بە دلٚەی مەجنون
کە — دەنگی گیٚتی تازە—ی نازەنین
دەمو نەفەس پاك گفتوگۆ شیرین
خوشکی سیٚ یەمی ژینی کوردانە
تا بلٚیی وتەی ئاودارو جوانە
بەلٚام نازانین نیشانەی چۆنە
ئاخۆ گۆراوە یا چەشنی کۆنە
بۆمان بنووسە ناوونیشانی
ئابونەی سالٚی شویٚن‌و مەکانی
تا بەسەرو مالٚ کریداری بین
بەهەموو جۆریٚ تەلٚەبکاری بین
ئیتر قانع—م بەم ئەندازەیە
ئاهەنگی — دەنگی گیٚتی تازە—یە.

**پەراوێزەکان:—**

١ فلاتوون —مەبەستی —ئیفلاتون—ە بۆ پێویستی شعرەکە وانووسراوە.
٢ مەبەستی لە رۆژنامەی ژین‌ی پیرەمیٚرد—ە کە قانع ناوبەناو شیعرەکانی خۆی دەنارد بۆ پیرەمیٚردو ئەو بۆی بلاٚو دەکردەوە
٣ فایەق زێوەر یاخود بەختیار زێوەری شاعیر کە سالٚی ١٩٥٢ کۆچی دوایی کردوە.
٤ قانع ئەم شیعرەی بە بۆنەی سەر لە نویٚ دەرچوونی ژین—ە— و ە— نووسیوە کە پیٚشتر سالٚی (١٩٣٨) مجید یەعقوبی دایخستبوو
٥ قانع ئەم شیعرەی بە ناوی - پرشنگی - کچیەوە بۆ نەسرینی کچی بەنگینەی شاعیر ناردوە .بەنگینەش بەناوی کچی خۆیەوە وەلٚامی داوەتەوە.
—٦-٧— بە مەبەست لە شیٚخ سەلام —ی شاعیرو ناهیدەی کچیەتی
٨ ئەم شیعرەی لە بەرپابوونی شۆرشی تەموزی (١٩٥٨) دا وتوە
٩ مەلا عبداللە —مەبەست لە موفتی پێنجوینی شاعیرو هاوریٚیەتی
١٠ پیرە میٚرد سالٚی(١٩٤٦)لەئاهەنگی بیست سالەی ژینی کردبووەوە لە یادی چووبوو قانع بانگ بکات .